# هەڕەشە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەرەنجامی چین؟

**محەمەدی مشیر**

وەك زانراوە هەر جولانەوەیەکی سەربازی بە مەبەستی هەڕەشەو هەلکوتانە سەر ولاتێکی دیکە کۆمەلێك هۆکاری هەمەجۆر و گرنگی لە پشتە لەوانەش:

1- هۆکاری سیاسی

2- دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆ

3- هۆکاری ئابووری

4- بەتالکردنی ململانێکانی ناوخۆ لەم رێگایەوە وگومڕاکردنی رای گشتی ولات لە کێشە ناوخۆییەکان

5- عەقلیەتی پاوانخوازی و میلیتاری

6- چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگای هێزەوە

بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەی سەرەوە چەند هۆکارێکی سەرەکین کە هەندێ جاران لە ژێرەوە و هەندێ حالەتیش بە ئاشکرا هێزە سەربازییەکانی هەر ولاتێك دەجولێنن و بەرەو ئەو ئاقارەی دەبەن کە سیاسەتمەدارانی ئەو ولاتە مەبەستیانە. واباشە لێرەدا بپرسین ئاخۆ تورکیا لە ژێر کاریگەری کامە لەم هۆکارانەدا هێزەسەربازییەکانی ئامادەکردووە تا بە بەهانەی (پەکەکە) وە هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان؟

سەرکەوتنی دووبارەی ئیسلامی سیاسی میانڕەو( AKP) بۆ ژەنەڕالە دەسترۆکانی سوپای تورکیا لە دوایین هەلبژاردنەکانی تورکیادا، وەك خوێ کردنە ئەو زامە بوو کە سەرکەوتنیان لە هەلبژاردنەکانی سالی 2002دا لە جەستەی تورکیای کەمالی جێیهێشتبوو.لاوازی حزب و لایەنە ناسیونالیستە عەلمانیخوازەکانی تورکیا بە گشتی و سەرنەکەوتنیان لە دوو هەلبژاردنی لەدوای یەکدا گەورەترین سەرئێشەی بۆ دەسەلاتداریتی سەربازی ئەو ولاتە نایەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی پۆستی سەرۆك کۆماریش دوای ململانێیەکی زۆری عەلمانییە ناسیونالیستەکان  هەر بووە بەشی ئەوان.ئەمە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەو قەیرانە سیاسییە ناوخۆییەیە کە حکومەتی ئێستای تورکیا ماوەی چەند سالێکە بە دەستیەوە گرفتارە، لە لایەکی دیکەدا چارەسەرنەکردنی ئاشتیانەی پرسی نەتەوایەتی کورد سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو قەیرانە سیاسییەیە کەدەمێکە رێگە نادات تورکیا بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا قەبولّ بکرێت. بۆیە باشترین دەرەفەت بە بۆچوونی ژەنەرالەکانی تورکیا و ناسیونالیستە توندرەوەکانی تورك رەنگە ئەوە بووبێت کە لەم کات وساتەدا بە بەهانەیەکەوە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی ناوخۆ بگوازنەوە شوێنێکی دیکە، باشترین شوێنیش بە بۆچوونی ئەوان و بۆ ئامانجی تایبەت هەرێمی کوردستانە، باشترین  بە هانەش بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانە هەبوونی بنکەکانی (پەکەکە) یە لە چیاکانی قەندیل. رەنگە ئەمە نوێشکی سیناریۆکانی هەڕەشە و خۆئامادەکردنە سەربازییەکانی تورکیا بێت بەرامبەر بە خاك و خەلکی هەرێمی کوردستان.یەکێ لەو هۆکارە گرنگانەی کە تورکیا بەرەو ئەو ئاقارە هاندەدات و رشت تری دەکات تاکو ئەم رێگایە بگرێتەبەر، ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان و تەواوی ئەو دەستکەوتانەیە کە گەلی کوردستان لەماوەی  شازدە سالی رابردوودا بە شێوازێکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە پەرەیان پێدەدات و بەرەو  پێشیان دەبات. ئەم بەرەو پێشچوون و گەشەکردنە  بەرچاوە دژ بە حەزی شۆڤینستانەی ناسیونالیستە توندڕەوە تورکەکان و ژەنەڕالە دەسترۆکانی ئەو ولاتەیە، بۆیە بە بەهانەی راوەدوونانی گەریلا(تیرۆریستە!)کانی پەکەکە و پاکتاوکردنیان بە بۆچوونی خۆیان چەند ئامانجێك لە یەك کاتدا دەپێکن:

یەکەمیان: پەکەکە لەناودەبەن( کەئەمەش خەیالێکی خاوە چونکە چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە پەیوەندی بە کێشەی نەتەوەیەکی 25 ملیۆنییەوە هەیە کە پتر لە سەدەیەکە  تورکیا نکولّی لە سادەترین مافەکانیان دەکات).

دووەمیان: ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەباردەبەن ، چونکە ئەوان بە هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر ئاسایشی تورکیا لە قەلەمی دەدەن.

سێیەمیان: هەندێ دەستکەوتی ئابووری گرنگ بەدەست دەهێنن دوای ئەوەی تا ماوەیەکی نادیار لە هەرێمی کوردستاندا دەمێننەوە!

چوارەمیان: حەزی ژەنەڕاڵەکان و تەیاری ناسیونالستی توندڕەوەی تورکیا بەجێدەهێنن.

پێنجەمیان: شەقامی توندڕەوەی تورکیا رازی دەکەن.

بەلاَم لە هەموو ئەمانەدا تورکیا لە بەر باری سیاسی ئالۆزی ناوخۆی سێ خاڵی زۆر گرنگی رەچاو نەکردووە، کە ئەمەش درز دەخاتە پیلانەکەیان و لێناگەڕێ سەربگرێ:

یەکەمیان: ئەمریکا کە حاکمیەتی هەموو عێراقی لە دەستە زیاتر لە جارێك هۆشداری داوەتە حکومەتی تورکیا و هەرگیز لامپی سەوزی بۆ هەڵنەکردووە.

دووەمیان: هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکی فیدڕاڵەو بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێکهاتووە، هەر هێرشێکیش بۆسەر ئەم هەرێمە هێرشکردنە بۆ سەر عێراقی فیدڕاڵ ئەمەش دەروازەی کۆمەڵێك کێشەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئالۆز بەرووی حکومەتی قەیراناوی تورکیادا دەکاتەوە.

سێیەمیان:هەرێمی فیدڕاڵی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی نەگوتەنی لە لایەن کۆمەڵێك ولأتانی جیهاندا بەکردەوە دانیپێدانراوە. واتە لەرووی نێودەوڵەتییەوە قەوارەیەکی یاسایی دانپێدانراوە.بۆیە هەر پەلاماردان و هێرشێك بۆ سەر هەرێمی کوردستان پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە و باشتر وایە حکومەتی مەدەنی تورکیا کە لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە شەرعیەتی بەدەستهێناوە بیر لە رێگە چارەی ئاشتیانە بکاتەوە و لەتاو گوشاری ژەنەڕاڵە نەژادپەرستەکانی سوپا خۆی نەخاتە دۆخێکی ئاکام نادیارەوە.چونکە ئەوەی ئەوان خەونی پێوەدەبینن دوورە لە واقع و پتر لە خەونی حوشتر دەچێت!